# ئیسمی ویژدان و عەدالەت بێ مووسەممایە و درۆ
# هـەر قسـەی رووتـە قسەش ناچێتە گیرفانـەوە

**نوری بێخاڵی**

بابەتێکی (ئیسماعیل هاولاتی)ی هاوکارم لە دوا ژمارەی کۆواردا زۆر سەرنجی راکێشام، ئەگەرچی دەزانم کە ئەوە تەنها حاڵەتی کەسێك نییە لەم ولاتە، کە بە مەمرە و مەژی شەو دەکاتەوە رۆژ و بە پێچەوانەشەوە، بەڵکو بە دەیان و سەدان و رەنگە بە هەزاران خێزانی تریش هەبن، بەم مەینەتی نەبوونی و نەداری و هەژارییەوە بناڵێنن، چونکە لە مەملەکەتێکدا کە تەنها دەستەبژێرێکی زۆر زۆر کەم، کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن لەسەر حیسابی من و تۆ و ئەم و ئەو و بەبێ رشتنی دڵۆپێك عەرەق ژیانیان لەوپەڕی خۆشیدا بێ و ولات هەروا پڕ بێت لە بێدادی و نایەکسانی، کێرڤی هەژاری و گەندەڵی و پەتای کۆمەلایەتی هەر بەرەو سەر هەڵدەکشێ.

لە پیاسەیەکمدا بە نێو بازاڕ و بەدەم بیرکردنەوە لە هەناسەی ساردی ئەو خێزانە، لە پرێکدا پیرە پیاوێکی بەسالاچووی خێزاندار کە چاوی فرمێسکی تێزابوو، هاتە پێشم و گوتی ماموستا دەبنووسە، من مووچەم (130000)هەزار دینارە و (75000)هەزاری دەدەمە کرێ و ئەم مانگەش خاوەن خانوو پێی گوتووم ئەگەر دەیکەیتە (100000)هەزار ئەگینا چۆڵی بکە و ئێستاش سەرەتای مانگە و خێزانەکەم نەخۆشە و پێویستی بە پزیشکە و پارەی عیادەم نییە و لە مووچەکەم پەنجا و پێنج هەزارم ماوە، نازانم بەشی چی دەکات، زۆری نەبرد لەولاتر و لە بن گوێسوانەیەکدا پیرەمێردێکی تر گوتی توخوا بۆ باسی وەزعی ئێمە ناکەن، چییە ناوێرن یان دەمتان چەور کراوە؟ ئەوەتا کوڕەکەم خاوەن کۆشێ سەر خێزانە و مووچەکەی (330000) هەزار دینارە و (100 دۆلار) دەداتە کرێ و ناچار کراوە ئەم مانگە بۆی بکاتە (150 دۆلار) ئەگەرنا دەبێ خێمەیەك لەو شارە هەڵبدا، کە چەند رۆژێك پێش ئێستا خەڵکی موستەفید و سەڵت و خزمی مەسول سەر و پارچە زەویان وەرگرت، رەنگە تێیدابێت دووەم جاریەتی وای لە سێیەم، هەشیانە نیوەی زەوییەکانی سۆرانی فرۆشت و گەرەکێکیان بۆ خۆیان دروستکرد و لێرەش دیسان زەویان وەرگرت، یان لە گەلالە و باپشتیان هاتن لێرە

کونیەیان بۆ دەرهێنرا، هەر سێ تا چوار هەنگاو دوورکەوتبوومەوە کە قەسابەکانی ناو بازاڕ گلەییان لێکردم کە بەس باسی سەرپێچی ئەوانم کردووە و نەموێراوە گلەیی ئەوانیش بدرکێنم و گوتیان ئەگەر راست دەکەیت و ناترسیت بە حکومەت بڵێ با قەسابخانەیەکمان بۆ دروست بکات، بە جەنابی دکتۆریش بڵێ بەیانییەکەی خەو لە خۆی بزڕێنی و هەڵسێ ئاژەڵە سەربڕاوەکان بپشکنێ و مۆرێك بنێ پێیانەوە، نەك تا کاتژمێر نۆی بەیانی لەبەر دەرگای بەڕێزیان ببینە پاسەوان، چییە جەنابی خەوتووە..

هاوشارینۆ من و هەموو خەڵك ئەو شتانە باش دەزانین، زۆریشمان گوت و باسمان کرد دادی نەبوو، بۆیە بەو خەڵك و هاوشارییانەی خۆم دەڵێم نە ترساوین و نە دەترسێین و نە پیاوی دەم چەورکردنیشین، ئەگەر وابووایە ئێستا وەزع شتێکی تر بوو، بڕوا بکەن ئێمە زۆر لەوەش زیاتر دەزانین، دەزانین بەرپرسی سەربازی هەیە وەك ئەوەی میراتگری باپیرانی ئەو شارە بێت نیوەی زەویەکانی شاری بۆ خۆی دابڕین، هەشیانە لە یەك کاتدا مووچەی سەربازی و مامۆستایەتی وەردەگرێ،  ئاگاداری ئەوەشین چەند ژنی بەڕێوەبەر و بەرپرسی حکومی و حزبی فەرمانبەری بن دیوارن و دەوام ناکەن، دەزانین بەرپرسی فەرمانگە هەیە ژن و بووك و کچی خۆی لای خۆی یان لای هاوپۆستێکی فەرمانبەرن و بە فول مووچە دەوام دەکەن و هەر لە مووچەی (130000) بگرە تا دەگاتە (220000 و 420000 و....)، بەلاّم چی دەڵێیت کە رۆژ تا ئێوارە باس لە گەندەڵی و بێدادی و نایەکسانی بکەیت و کەس گوێت بۆ نەگرێ؟ چی دەکەیت کە کەس نەبێت یاسای کرێ بەسەر خاوەن خانوو بسەپێنێ  و کۆنترۆڵی ئەو بەرەلاّییەی نرخەکانی بازاڕ بکات؟چی دەکەی کە ئێوەش زۆربەتان تەنها پیاوی تاریکی و قسەکەری بن دیوارانن و زاتی ئەوە ناکەن بە ئاشکرایی و راشکاوی بەرگری لە مافەکانتان بکەن؟ لەبەردەمتان و لە بەنزینخانەکان بەرپرسان بەگ دادەنێن متەقتان لێوە نایەت..بە تەنیشتتانەوە خزمەتگوزاری بە تەجاوز بۆ کەسێك دەچێت جورئەتی قسە و سکالاّکردن ناکەن..وەك سەرانە هەندێ کارمەندی هەندێ دەزگا لەبەرامبەر کارێك کە ئەرکی خۆیانە پارەتان لێوەر دەگرن، کەچی قڕوقەپی لێدەکەن و بە مەمنوونی پارەی دەدەنێ..لەگەڵ ئێوە و لە فەرمانگەکانتان خەڵك هەیە دەوام ناکات و مووچەش وەردەگرێ و بێ دەنگن و تەنها لە پەنا و پەسێوان بۆڵە بۆڵ دەکەن..